## بەرێوبەرایەتی کۆنترۆلی جۆری:

ئەم بەرێوبەرایەتیە هەڵدەستێت بەپشکینینی کارگەکانی کەرتی تایبەت کە مۆڵەتیان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە بە مەبەستی زانینی چۆنیەتی بەرێوەچوونی بەرهەم هێنان و جۆریەتی بەرهەمی کۆتایی بۆ کارگەکانی بەرهەمی (خۆراکی ، کیمیایی ، کارگەکانی خۆراکی کەسەر بە دەستەی وەبەرهێنانن)، وە تویژینەوە ولێکۆلینەوەی کارگە نوێیەکان پێش دامەزراندنیان بە مەبەستی رێنمایکردنیان تاوەکو باشترین جۆری کالاّ و کەل وپەل بەرهەم بهێنن، وە چاودێریکردنی نمونەی هێنراوی کارگەکانی بیناسازی و بە بەراوردکردن لەگەڵ بروانامەی پشکینینی تاقیگەی ناوەندی بۆ کەرستەکانی بیناسازی کە ئەم پشکینینە لە تاقیگەی بیناسازی ئەنجام دەدرێت، یارمەتیدانی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندی ( ماجستێر و دکتۆرا ) بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنین لە تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆری و هاوکاریکردنیان، وە کردنەوەی خول لە بواری کۆنترۆڵی جۆری بۆ کارمەندانی کەرتی تایبەت لە کارگەکان و فەرمانبەرانی سەر بە بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری، وە پاش پشکنینی کۆتایی بۆ بەرهەمی کارگەکان و هەڵسەنگاندنی کاری کارگەکان لە دوای دەرچوونی ئەنجامی کۆتایی ئەگەر کارگەیەك بەرهەمی بە کوالێتی باش بوو لە بەرامبەردا بڕوانامەی رێز لێنانی پیّ دەبەخشرێت لەلایەن ئەم بەرێوەبەرایەتیە بە پێچەوانەوە ئەگەر بەرهەمی خراپ بوو سزا دەدرێت بە پیّ ی ئاستی خراپ بوونەکەی کە لە پێبژاردنی مادی تاوەکو داخستنی کارگەکە دەبێت.